
# کۆچیرۆکی جەلیل کاکەوەیس چاپ و بڵاوکرایەوە




## جەلیل کاکەوەیس: ئەمە خۆشەویسترین کتێبە بەلای منەوە

■ ئا: بژار حەکیم

نووسەر و چیرۆکنووسی ناسراوی کورد جەلیل کاکەوەیس کۆچیرۆکەکانی بەناوی" راوەسێبەر" بڵاوکردەوە. خۆی لەبارەی کتێبەکەوە دەڵێت: ئەمە خۆشەویسترین کتێبە بەلای منەوە.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە 302 لاپەڕە و سەرجەم چیرۆکەکانی جەلیل کاکەوەیس لەخۆدەگرێ کە شەست و یەک چیرۆکن و وەزارەتی رۆشنبیری بە هاوکاریی دەزگای موکریان چاپی کردووە.

جەلیل کاکەوەیس لەبارەی کتێبەکەیەوە دەڵێ: ئەمە خۆشەویسترین کتێبە بەلای منەوە، چونکە سەرجەم چیرۆکەکانم لەم کتێبەدا کۆبوونەتەوە، ئەم چیرۆکانە وەکو منداڵی من وان، لە هەوڵدام بۆ کۆمەڵە چیرۆکی داهاتوو کار بکەم.

جەلیل کاکەوەیس دەشڵێ، چیرۆکەکانی نێو ئەم کتێبە بەپێی ساڵی نووسینیان ڕیزبەند کراون، زۆربەی چیرۆکەکان لێرە و لەوێ بەشێوەی جیاجیا بڵاوبوونەتەوە، یەکخستن و کۆکردنەوەیان لەم کتێبەدا گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ ئەو کەسانەی کە خوێنەری چیرۆکن.

جەلیل کاکەوەیس ساڵی 1948 لە کەرکووک لەدایک بووە، لە زانکۆی بەغدا زمان و ئەدەبی کوردیی خوێندووە و سەرەتای چیرۆکنووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو.

لە بواری وەرگێڕانیشدا خاوەنی ئەم کتێبانەیە: رۆمانی بەدگۆڕان (فرانتز کافکا) ، کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەمی زایینی (ئارشاک پۆلادیان)، باخچەی بەردین (نیکۆس کازانتزاکیس)، رۆمانی رۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە (جەنگیز ئەیتماتۆف)، هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی عەرەبی و جیهانی بەناوی (خڵتەی دنیا)، رۆمانی شلۆمۆ کوردە و من و رۆژگار (سەمیر نەقاش)، رۆمانی ئاهەنگی تەگەکە (ماریۆ بارگاس یۆسا) ، رۆمانی چل ڕێساکەی عەشق (ئەلیف شەفەق) ، رۆمانی دەریاچە (یاسۆناری کاواباتا)، رۆمانی خەم و جوانی (یاسۆناری کاواباتا)، سۆفیگەرێتی (نیکۆس کازانتزاکیس).

# ماکداول دوو فیلمی لە هەولێر نمایش کرد



فۆتۆ: عەبدولجەبار عەلی

**ئەلێس ماکداول بۆ رووداو: حەزدەکەم فیلمێک لەسەر ژنانی ئێزدی دروست بکەم**

■ ئا: بژار حەکیم

کچە دەرهێنەر و فیلمسازی ئوسترالی ئەلێس ماکداول دوو کورتە فیلمی دۆکیۆمێنتاری بە ناوەکانی (دروستکردنی شەپۆل) و (وەک ئەو مرۆڤم) لە هەولێر نمایشکرد.

ئەلێس ماکداول بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت، هەردوو کورتە فیلمی دروستکردنی شەپۆل و وەک ئەو مرۆڤم دۆکیۆمێنتارین و باسی رۆڵی ژن لە ئیسلام و مەسیحییەتدا دەکەن، دەمەوێ هەم توانا و لێهاتوویی و هەم کێشەکانی ژن لە روانگەی ئایینەوە پیشانبدەم.

" ئەلێس ماکداول گوتیشی کە ئاگاداری کارەساتی شنگال و ژنانی ئێزدییە، ئەگەر پشتیوانی دارایی بکرێ، حەزدەکات فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ئەو کارەساتەی بەسەر ژنانی ئێزدی هات، دروست بکات.

ئەلێس ماکداول، دەرهێنەر و فیلمساز لە ئوسترالیا لەدایک بووە و لەساڵی 2007 ەوە لە ئێرلەندا دەژیت و خوێندکاری دکتۆرایە لە بواری فیلمسازی.

نمایشکردنی ئەم دوو کورتە فیلمە لە چوارچێوەی نمایشی هەفتەفیلم و کاری هاوبەشی فیلم هاوس و سەنتەری ئاڵایە لە هەولێر کە هەفتانە فیلم نمایش دەکەن و پاشان خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ فیلمەکان دەکەن.

# رۆمانی جەنگی مرۆڤی (نوا سیسیرۆ) دەکرێتە کوردی

**رۆمانەکە باس لە یەکەمین چرکەساتەکانی جەنگی عێراق دەکات**

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

رۆمانی جەنگی مرۆڤ کە لە نووسینی ( نوا سیسیرۆ) یە، لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ هەژار عوسمان لە ئینگلزییەوە کراوە بە کوردی و بەم نزیکانە لەلایەن ناوەندی هەرمان بۆ وەرگێڕان چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

جەنگی مرۆڤ باس لە یەکەمین کاژێرەکانی جەنگی عێراق دەکات لە ساڵی 2003، کاراکتەری رۆمانەکە لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمەریکا دەژی و وا هەست دەکات ئەم جەنگە ئەمەریکا و جیهان و مرۆڤ وێران دەکات.

بۆیە لەتاو ترسی جەنگ دەخواتەوە، سێکس دەکات، دەچێتە یانە شەوانەییەکان، بەڵام ئەمانە دادی نادەن و ترسەکەی قووڵتر دەکەنەوە و کۆمیدیا تاریکەکەی (نوا سیسیرۆ) لەم نۆڤلێتەدا بیری ساموێل بیکێتمان دەخاتەوە.

ناوەندی هەرمان لەبارەی رۆمانەکەوە دەڵێ، رۆمانی جەنگی مرۆڤ وەستانە لەسەر دڵە ساردوسڕەکانی مرۆڤ و پێکەنیناوییانە تاریکە و ئەمە یەکەمین کتێبی نوا سیسیرۆیە. لەو کتێبانەیە بە یەک دانیشتن دەخوێندرێتەوە و لە ماوەی داهاتوودا لە ناوەندی هەرمانەوە بڵاودەبێتەوە.

هەرمان ناوەندێکی وەرگێڕانە و یەکێک لە پڕۆژەکانی وەرگێڕانی کتێبە. لە وەرگێڕانی کتێبیشدا گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە و ئەدەبیات بۆ منداڵان دەدات.




# دوو پەیکەر بۆ بەختیار عەلی و عەبدوڵلا پەشێو




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ناوەندی رۆشنبیریی رەهەند لە پرۆژەیەکی نوێدا دوو پەیکەر بۆ هەریەک لە عەبدوڵلا پەشێو، شاعیری ناسراو و بەختیار عەلی، شاعیر و رۆماننووس دروست دەکات. ناوەندەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دروستکردنی پەیکەرەکان لەپێناوی خزمەتکردنی زیاترە بە بواری کولتوور.

ناوەندی رۆشنبیریی رەهەند لەبارەی دروستکردنی پەیکەرەکانەوە دەڵێ: دروستکردنی پەیکەرەکان بۆ رێزگرتنە لە نووسەر و رۆشنبیر و شاعیرانی کورد و ئاساییکردنەوەی ئەو هەستیارییەیە کە بەرانبەر بە پەیکەر لە کولتووری ئێمەدا هەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو ماڵ و هەموو جێگەیەکی کولتووریدا پەیکەری مرۆڤە داهێنەر و رۆشنبیرە گەورەکان هەبن.

ناوەندی رۆشنبیریی رەهەند دەشڵێ، ئەم پرۆژەیە کاری هونەرمەندی پەیکەرساز (چێنەر نزار)ـە و دروستکردنی پەیکەر بۆ رۆشنبیران و شاعیران بەردەوام دەبێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا، پەیکەر بۆ چەندین نووسەر و شاعیری دیکە دروستدەکرێن.

# هەڵوێستەیەکی هێرمنۆتیکی لەسەر کتێبەکانی نالی



لەم وتارەدا هەوڵ دراوە ئەو وێنا و سیمایەی نالی کە لە دەرەوەی سیستەمی بەلاغە و دارشتنی شیعریی زمانی عەرەبی و کولتووری زاڵی سەردەمەکەی دەرکەوتووە، بخرێتە روو، ئەو وێنە ئایینی و ئاسمانییە دوورەدەست و سەپێنراوە لە نالی دەخرێتە لاوە و نالی لە ژێر تیشکی خوێندنەوە و راڤەی هێرمنۆتیکی نووسەری کتێبەکاندا دێتە پانتای حوزوور و ئامادەبوونێکی مێژوویی و زەمینی و تیشک دەخرێتە سەر گەلێ رەهەند و لایەنی تازەی.

عادل قادری



**بەشی یەکەم**

(کتێبی نالی) ناوی کتێبی یەکەمی رێبوار سیوەیلییە لە 444 لاپەڕەدا و (لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە) ناوی کتێبی دووەمێتی لەسەر نالی لە 460 لاپەڕەدا کە بە میتۆدێکی هێرمنۆتیکی پەیکەرەیەکی تایبەت و سەرکێشانەی لە دونیای شیعریی نالی و ئەو زەمینە و بەستێنانەی تێیدا پێگەییوە داتاشیوە. ئەم هەوڵە لە بەرگی دووەمی کتێبەکەدا، واتە (لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە) زیاتر دەردەکەوێت. یەکێک لە جومگە سەرەکی و زێڕینەکان کە لەم کتێبەدا خراوەتە روو، هەر لەژێر تیشکی ئەوەشدا ئاراستەیەک بە خوێندنەوە و راڤەکردن (کەشف)ی جیهانبینی نالی دراوە، تاکانەبوونی ئەزموونی نالییە لەناو جوگرافیای بەرینی کولتوور و زمانی عەرەبی و دواتر خۆمانیفێستکردنی ئەزموونی شیعرییانەی لەناو زمانی کوردیدا. واتە ئەزموونێک کە سەرەڕای ئەوەی لە نێو کەوانە و قاوغێکی کولتووریی سەردەمی خۆی و لە تۆپۆس و فۆرمێکی شیعریدا خراوەتە روو، بەڵام دەرکەوتە و پریشکێکی ناوازە و واڵاشە لە جیهان- ژینێکی فەردی و تاکەکەسییانەی خۆی وەکوو مرۆڤێکی خاوەن هەست و بیر و گەڕاڵ و سووزە. لەم روانگەیەوە نالی لە دەرەوەی پارادایم و شکڵە سەپێنراوە کولتوورییەکەیدا دیاری دەکرێت بە دوو هۆکاری گشتی.

یەکەم: جیهان- ژین و بوونی ئێمە وەکوو کورد بەزۆری و لێرەشدا نالی لە رێگەی شیعرەوە خۆی مانیفێست کردووە، هەر وەک سیوەیلیش باسی کردووە، زمانی شیعری؛ زمانی خەیاڵ و میتافۆر و زۆر فیگۆر و سەنعەتیترە کە لەناو بەلاغە و سیستەمێکی ئایدیۆلۆژیی زمانیدا قەتیس ناکرێن، واتە زمانی شیعر هەم سنوورە مێژووییە کولتوورییەکان دەبەزێنێ و هەمیش هەڵگری بەردەوامیی پوتانسێل و وزەیەکی ناوەکی و هێزەکییە کە برپار نییە لە کات و ساتێکی دیاریکراوی مێژوویی و لەناو جوگرافیایەکی کولتووریدا قەتیس بکرێت و بخنکێت. ئەم مژارە لە گۆشەنیگای کتێبی نالی (هەر دوو بەرگەکەی) و گێڕانەوەی رێبوار سیوەیلی چۆن دەخرێتەڕوو؟

ئەلف: لە رێگە و گۆشەنیگای بەهاوچەرخکردنی نالی وەکوو تاکێکی بگێڕ و گێڕەرەوەی (شیعر) و تێپەڕاندن و رزگارکردنێتی لە ناو دیوار و سنوورێکی جوگرافیای کولتووری و مێژوویی دیار و دەستنیشانکراوەوە، ئەمە هەمان شتە کە وەکوو پێوەندی نالی بە مۆدێرنیتەوە باس دەکرێت.

باء: خاڵێکی دیکە نالی دێنێتە ناو رۆژگاری ئێمە و لە پارادایمە سەپێنراوە کولتوورییەکەی دەریدێنێ و لە قەتیسبوون رزگاری دەکات فۆرمێکە کە نالی و زمانی کوردی ئەوکات (تا رادەیەکی زۆریش عەرەبی) بۆ مانیفێست و خستنەڕووی ئەزموونی خۆی هەڵیبژاردووە. واتە فۆرمی شیعر. دەربڕینی هەموو ئەزموونێکی تاکانە و فەردی "خود" لە زمانی شیعریدا.

رەنگە زۆر لەبارەی شیعرەوە لە دونیای ئێمەدا گوترابێت، بەڵام پێموایە لە نێوان ئەو هەموو خنکان و نغرۆبوونە لە نێو تیۆرییەکانی پەیوەست بە شیعر بۆ تێگەیشتن لە دونیا ناکۆتا و دژەباو و دژەزانستەکەی و ئەو هەموو رووکەشبینی و سەتحینیشاندانەی ئەزموونی شیعری، ئێمە هێشتا ماومانە رێسالەتی راستەقینەی شیعر و جەوهەری کەوینەکراو و ماهییەتی "جیوەئاسای" بناسین. رەنگە هەر ئەمەش وا بکات نالی و شیعر و جیهانبینی نالی لە جێگە و ئاراستەی شایستە و درووستی خۆی دانەنیشێت.

جا مەبەستی من لەم باسە چییە لێرەدا کە بە شکڵ و شێوازی تر لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە؟ مەبەستی سەرەکی من زەقکردنەوەی چەند شتە کە رەنگە بۆ پتەوکردن یان بۆ پشتگیریکردنێکی تیۆریانە و ئەمرۆیی نالی پێویست بن. یەکەم: ئەوەی کە باس لە مۆدێرنیتە و نالی بکرێت تەحەدایەکی بوێرانە و هاوکات رەوایە لە هەمبەر هەندێک یان کۆمەڵێک دەنگ و نووسەر و توێژەری رەسەن و خاوەن پێگە و شارەزا. تەحەدایەکی بوێرانەیە چون کولتووری تەئویل و خوێندنەوەی ئێمە هێشتا سەوداسەرییەکی سەیر و سەمەرەی بۆ نەریت و پەندی کۆن و فۆرمی کۆنی ژیانی عەفەوی و بێگەرد و قودسی هەیە (ئەگەرچی هەندێ کەسی وەکوو مەسعوود محەممەد ئەم سەهۆڵەیان شکاندبێت پێشتر) و پێموایە ئەم نەگبەتی و بەڵایە تەنانەت لە زانکۆکانی ئێمە و ناو تاقمی خوێندەوارانیش بەشێوەیەکی پۆزیتیڤیستی و ئەمرۆیی بەرهەم هاتووەتەوە. دووەم: ئێمە ئەمڕۆ وەکوو خوێنەری دەقێک دەبێ تۆزێک جێگە بۆ ئەو خود و "من"ە هەنووکەییەی ئەمڕۆی خۆمان بکەینەوە و نالی بێنینە دوواندن لەگەڵ خۆمان و لەگەڵی بکەوینە دیالێکتیک و بە زمانی خۆمان باسی نالی بکەین. زەقکردنەوەی ئەم دوو خاڵە بە بێ دانوستاندن و تەعامولی تیۆریک و فیکری هەر دوو رەهەندەکە ئەستەم و شێواوە.


میتۆد و ئەزموونی ژیان و مانا
(نالی، سیوەیلی و "من")

بەرگی دووەمی کتێبی نالی (لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە) لە چاو کتێبی یەکەم خاوەنی رێکوپێکی و ئینسیجامێکی تۆکمەترە، واتە هەر لە ریزکردنی بەشەکان و تەوەرەکاندا ئێمە بە ناو ئاراستەیەکدا دەڕۆین کە نالیمان بە سێ تایبەتمەندییەوە بۆ دەخاتە روو: یەکەم زەمینی و، دووەم پارچە پارچەکراو و سێیەم پڕسەودا. بێگومان تەحەدا و ئیدیعایەکی گەورەیە گەر بیر لەوە بکەمەوە کە نالی رەسەنترین سووزەی ناو دونیای ئێمەیە، بەڵام دەڵێم نالی دازاینێکی پارچە پارچەیە کە رێک بەهۆی ئەو هەموو سەفەر و غوربەت و "ناشوێن"مەندییەی کە لە ژیانیدا هەیبووە و لە شیعرەکانیشیدا دەرکەوتووە، لە بازنە و شوێنێکدا گیر و قەتیس نابێت. ئەگەرچی ئەزموونی من لەگەڵ دەقە کلاسیکییەکاندا زۆر جیاواز بووە لەو مەزهەب و رێبازەی کە رێبوار سیوەیلی لەسەر نالی پێیدا دەڕوات... بۆ نموونە ئەوەی کە لە سەرەتاکانی کتێبی نالی بەرگی یەکەم لە قەوارەی ئەزموونی فام و خوێندنەوەی بەرەکاندا باس دەکرێ، رێزی باوکی بۆ ئاسمان و نوێژ و لە هەمان کاتیشدا بۆ نالی و زەمین و... بەستێنێکی سرووشتی و خۆڕسک و پرسیارئامێزی لە دونیای منداڵی سیوەیلیدا دروست کردووە کە پێشوەخت و بەرلەوەی هێرمنۆتیک لە زانکۆ و کتێبەکاندا بخوێنێت، روانینێکی تەئویلگەرا و راڤەگەرای تێدا رسکاندووە...و لەو کتێبەی نالی جیهان ژینی منداڵیی رێبوار کە سیوەیلی ئێستە دەیگێڕێتەوە، خۆی زەمینەیەکی لەبار و جیاواز بووە بۆ کەشفی نالییەکان یان من پێم باشترە بڵێم کەشفی "پارچە پارچەکانی نالی"...لەم کلاورۆژنەوە دەتوانم بڵێم کە لێرەدایە تێدەگەین مرۆڤ خۆی لە خۆیدا سووژەیەکی تەئویلگەر بووە ئەگەرچی ئێمە پێشوەخت بە شێوەیەکی تەواو وشیار و تیۆریزەکراو ئاگاداری نەبووبین... رێبوار بەو زەمینەیەوە تەئویلی خۆی تەنها لە ناو دەقدا و بەشێوەیەکی دەق تەوەرانەی رەها ئەنجامنەداوە، واتە دەلالەتی بەرەڵا و سەپێنراوی بۆ وشە و ئیدیۆم و چەمک و وێنە و میتافۆرەکان درووست نەکردووە و خاڵە زێڕین و جیاواز و سەرکەشانەکەی کتێبەکە لێرەدایە کە رەوتی کەشفی مانا و دەلالەتەکانی لەناو سەردەمی ژیانی نالی و رۆحی مێژوویی نالی بەشێوەیەکی ورد و بەڵگەمەند هەڵکۆڵیوە، ئەمەش لەم کتێبەدا بە بینینی دەیان سەرچاوەی مێژوویی پەرشوبڵاو کە نووسەر پارچەکانی تیشکە جیاوازەکانی نالی لە هەر کتێبێک بە جیاجیا دەرهێناوە و راڤەی کردوون، بە زەقی دیارە و ئەم رۆچوونە مێژووییە و هەڵکۆڵینی کۆنتێکست و زەمینەکانی دەقی نالی کارێکی زۆر سەخت و تاقەتپڕووکێن بووە کە بێگومان تەنها کەسێکی تەئویلگەری پانتای مەزهەبی نالی دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو وردەکاری و ماندووبوون و گەڕانەی ناو مێژوو بگرێت. سیوەیلی هەر پارچەیەک لە شووشەکانی رۆحی نالی لەناو بەشێک لە رووداوە مێژووییە جیاجیاکانی سەردەمی نالی خۆی و تەنانەت پێش ئەویش دەرهێناوە، بەڕاستی ئەم هەموو گوڵچنین و شووشەپێکەوەنانە ورد و ناسکە جێگەی سەرسوڕمانە چوون تاقەتێکی پتەو و ئەسیلی وجوودیی دەوێت...ئەزموونی من بۆ فامی نالی وەکوو کەسێکی ئەمڕۆییتر و منداڵتر لە سیوەیلی و بەو جۆرە نەبووە کە سیوەیلی هەر لە منداڵییەوە زەمینەکەی لەبەردەمدا هەبووە. واتە من بەرلەوەی (سەرەتاکان) بزانم نالی لە کام سەدە و لە چ سەردەم و لەناو چ رووداوانێکی مێژوویی گرینگدا ژیاوە، تەنیا دەقەکەم دەخوێندەوە و بەپێی توانست و زانیاری و بارستایی کەمی وجوودیی خۆم تەئویل و راڤەم دەکردن، واتە کاتێک بۆ ماوەیەک تێکەڵی نالی بووم ئیتر شیعری

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە، خۆکردییە
هەر کەسێ کە نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکات

وا راڤەم دەکرد کە نالی لە پرۆسەیەکی کەشفی "خود" بە مانا هەرە بەرینەکەیدا بووە. خودێکی زمانی، خودێکی دیاردەناسانە، خودێکی بوێر، خودێکی پارچەپارچە و جوان و پڕ ناکۆکی و چەند رەهەند. ئەم تێڕوانین و شکڵەی من وەکوو خوێنەرێکی دەقپەرەست هەڵگری هەندێ ئیلهام و سەرکێشیی فەردی بوو کە لە زانکۆ و لە نێو دۆستان و لە هەندێ دانیشتن و کۆڕی بچووکدا نالی هەڵپێکم بە تێگەیشتن و بیتکردنەوەیەکی مۆدێرن و دژە دۆخی زاڵ. ئەمە راستییەک بوو لە تێڕوانینی راڤەکارانەی من بۆ نالی و تەنانەت بۆ مەحویش. دواتر تێگەیشتم ئەگەرچی من دەقتەوەرانە نالیم خوێندووەتەوە و کۆنتێکست و زەمینەکانی جیهان- ژینی نالیم لەبەرچاو نەگرتووە و ئاگاداری نەبووم، بەڵام پاش ئاگاداربوونێکی رێژەیی و بەتایبەتیتر پاش ئەم تێزە "لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە"، تێگەیشتم لەوەی دەقی نالی و مێژوو و زەمینەی دەقەکە تەواوکەری ئەو ئاراستە هێرمنۆتیکییە مانادۆزەن کە لێی تێگەیشتبووم. نالی وەکوو مەحوی خۆی ئاسان نادات بەدەستەوە، ئەو نەک هەر لە چوارچێوە ئەدەبیەکانی بەلاغە و سەنعەتە وشک و ماندووکەرەکانی یاخی دەبێت، بەڵکوو لە جیهانی زمانیی کوردیشدا خەریکی عیشوەگەرییەکی پڕسیحر و بریق و باقێکی زۆر شارەزایانە دەبێت. رووداوە گەورەکە ئەوەیە ئەم تێزە "لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە" سەرەڕای شیکارییەکی ورد و تیۆریکی لایەنە ئایدیۆلۆژی و کۆلۆنیالیستی و ئایینی و دژە ستاتیکا و ئەدەبییەکانی بەلاغەی عەرەبی، هاوکات دەریشیدەخات کە رەهەندە زمانی و وجودییەکانی نالی لە ململانێی نێوان "خود"ەکانی چۆن هاتووەتە پلەیەکی تایبەتی وشیارییەوە...وشیارییەکی وەها کە نالی بۆ ساڵەهای ساڵ دەکاتە جێگەی باس و تەئویل و مشتومڕ. من دەزانم ئەم کتێبە و راڤەی بۆ نالی نەکەوتووەتە داوی حەزی تەئویلگەرانەی دەقتەوەرانەوە و دەلالەتە خۆویست و هەڵگۆزراوەکانی سیوەیلی لە شیعر و وشەی نالی لە یەک رێگاوە تیشکیان نەپرشاندووەتەوە، بەڵکوو لەناو چەندین زەمینە و رووداوی مێژوویيدا تۆپەڵە تیشکی مانا و رۆحی نالی خڕکردووەتەوە و کردوویە بە گڕکان. من لەو رووەوە وەکوو خوێنەر تەئویلی دەقتەوەرانە و حەزپەرستانەی خۆم بۆ نالی هەبوو، بەڵام ئەم هەموو فاکتە مێژوویی و سەرچاوە گرینگە ئایینی و مێژووییە دەریخست کە زەمەن و سەردەمی من "خود"ی منی تووشی هەڵەیەکی جوانیناسانەی درووست و نەخوازراو کردووە کە لێرەدا ئەمە گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، چوون دەمەوێ باس لەو سیحر و کەشفە بکەم کە لە بەراوردی جیهان ژینی نالی و مەحوی پێیگەیشتم. من هەمان تێڕوانینی دەقپەرەستانەم بۆ دەقی مەحویش هەبوو، بەڵام پاشان دیتم مەحوی لە هەندێ دەقدا بە تەواوەتی لە داوی "ناخود" یان "خود"ێکی بێ جەسارەت و ملکەچدایە، بۆیەش مەحوی لە هەندێ شیعریدا بە تەواوی ئایدیۆلۆژیک و خوتبەدەر دەردەکەوێت، لێرەدایە کە مەحوی بەشێک لە دونیای شیعریی (شیعر بەو هەمووە تایبەتمەندییە جیوەیی و دژەوەستاوی و سەرە ئایدیۆلۆژییەیەوە) رێک بەرەو خەسارکردنی جەوهەری و لەگۆخستنی زمانی و مردنی ئەسالەت دەچێت. من لێرەدا تێگەیشتم مەحوی سەرەڕای ئەوەی جیهان-ژینێکی بوونخوازانەی عیرفانی گێڕاوەتەوە و مانیفێستی کردووە، بەڵام نە بەئەندازەی نالی قووڵبوونەوەی تێدا بووە و نە بە ئەندازەی نالیش تەئویلگەری هەستی و کائینات بووگە. مەبەستم نییە نالی مەزن و حەزرەتی مەحوی پێکەوە بەراورد بکەم، چوون رەنگە هەر لە بنەمادا هەڵە بێت، مەبەستی من تەنها ئەوەیە ئایدیا و قسەکانی خۆم بگەیەنم کە ئەویش ئەوەیە: ئێمە رێک لەگەڵ مەوجوودێکی ئەفسانەیی زەمینی! بە ناوی نالی رووبەڕووین، سووژەیەک کە ئایدیا و تێگەیشتنی لە زەمینی زمانی و جوگرافیای فیکری سەردەمی خۆی باڵی گرتووە. "ئەفسانەیی زەمینی" بەو مانایە کە سەرەڕای ئەوەی نالی بوونێکی مێژوویی و واقیعی و ئادەمیانەی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ئەزموونێکی وجوودیی سەیر و سیحراوی مانیفێست کردووە کە لە ئەفسانە دەچێت. ئەمەیە ئەفسانە زەمینییەکەی ئێمە کە رێبوار باشتر لە هەرکەسێ کەشفی کردووە و لەناو ئەو مەزهەبە زەمینییە دا خەریکە ورد دەگەڕێت! بە گشتی دەمەوێ بڵێم راڤەی شیعری نالی و جیهان-ژینی نالی لە بنەمادا راڤەی راڤەکانە. تەئویلی تەئویلاتی نالییە و راست لێرەشدایە ئێمە دەبێ بۆ مەشرووعییەتی کارکردی هێرمنۆتیک و راڤەکاری بۆ ئەدەبی کلاسیکمان پێداگری بکەین و بجەنگین. تا ئێستە بەشبەحاڵی خۆم و ئاگاداریی کەمم، هیچ هەوڵێکی وەها تۆکمە و رێک و بەڵگەمەندم بۆ خستنەڕووی سیمای غەیری ئایدیۆلۆژیک و دەرەبەلاغە لەسەر چوارچێوەی فیگۆر و دەربڕینە بەلاغییەکەی نالی نەدیوە.

# چەند سەرنجێك لەبارەی ڕۆمانی (پەپوولەكانی تاریكی)




حەمە مەنتک



لە گێڕانەوەناسیدا دوو ئاراستە بۆ توێژینەوە لە دەقی گێڕانەوەییدا هەن. ئاراستەی یەکەم، ئاراستەی سیمیۆلۆژییە کە گرینگی بە ناوەڕۆکی دەق دەدات، واتە پەیوەندی گێڕانەوە بە دەلالەتەوە، گریماس و کلۆد بریمۆن ڕابەرانی ئەم ئاراستەیەن. هەرچی ئاراستەی دووەمە، ئاراستەی بونیادگەرییە، لەم ئاراستەیەدا گرینگی بە سیستەمی بونیادی چیرۆک دەدرێت، لە چوارچێوەی ئەوەیشدا تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە، ڕابەرانی ئەم ئاراستەیەش (تۆدۆرۆف) و (جیرار جینێت)ن. لە توێژینەوەی گێڕانەوەدا تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە هێندە گرینگن، تەواوی دەقەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت. لێرەوە وەستایی ڕۆماننووس دەردەکەوێت. بۆیەش لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمان و چیرۆکێکدا هێندەی لایەنی شێواز و تەکنیکی دەقەکە سەرنجم دەبات، هێندە ناوەڕۆکەکەی ڕامناکێشێت. ئەوە واتای ئەوە نییە ناوەڕۆک و دەلالەتی وشە و ڕستەکان لە کن من گرینگ نەبن، بەڵام بەبڕوای من ئەوەی دەقێک دەکات بە ڕۆمان وەستایی و توانایە لە دروستکردنی تەکنیک.

(پەپوولەکانی تاریکی)ی (ئارام حەمە) ڕۆمانێکی فرەوەگێڕە. وەگێڕ لەڕێی خوێندنەوەی کتێبێکەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. کۆمەڵێ ڕووداوی بە دوای یەکداهاتوو بە شێوەی جوداواز دەگێڕێتەوە. بەڵام دابەشکردنی بەشەکان پەرت کراون و بە دوای یەکدا نایەن، ئەمەیش تەکنیکێکە بۆ ئەوەی بەردەوام خوێنەر لە زەینی خۆیدا لە هەوڵی بە یەکەوەبەستنەوەی ڕووداو و بەشەکاندا بێت. ڕۆمانەکە لەسەر دوو کاتی جوداواز بونیاد نراوە. کاتی گێڕانەوە (ڕۆمانەکە) ساڵی 2050 یە، هەرچی کاتی چیرۆکە (ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە) لە ساڵی 1994 تاکوو 2014 دەخایەنێت. ئەمە پنتێکی هونەرییە لەم ڕۆمانەدا. ئاشکرایە ئاراستەی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان لە دەقی کۆندا بە شێوەی زنجیرەییە، واتە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو.

بەڵام لەناو ڕۆمانەکەدا ئەم شێوەی زنجیرەییە تێکدەشکێت. یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەم تێکشکاندنە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. ئەم تەکنیکە، واتە گەڕانەوەیە بۆ ڕووداوێک کە پێش ئەو ڕووداوەی ئێستا دەیگێڕینەوە ڕوویداوە. ئەم ڕۆمانە لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە.

پنتێکی دیکەی هونەریی ئەم ڕۆمانە، فرەوەگێڕییە. هەر بەشەی یەکێک لە کارەکتەرەکانی بەشدار لە ڕووداوەکان دەیگێڕێتەوە. لە سەرەتای هەر بەشێکیشدا ناوی وەگێڕەکە و ساڵی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی دەیگێڕێتەوە دیاری کراوە. تەنێ ئەو بەشانە نەبێت کە وەگێڕی هەمووشتزان ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەم فرەوەگێڕییە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان بەبێ سانسۆر چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. خۆ ئەو وەگێڕەی لە ساڵی 2050 دا کتێبێک بەناوی (پەپوولەکانی تاریکی) وەدەست دەخات و دەست بە خوێندنەوەی دەکات، دەیتوانی هەر خۆی چیرۆکی کارەکتەرەکان بگێڕێتەوە، بەڵام ئەو ئازادییە هەوڵێکە بۆ ناسینی دەنگی هەریەک لەو کارەکتەرانە. بەمەش ڕۆماننووس گوتارێک بەهۆی دەنگی ئەو کارەکتەرانەوە بەرهەم دەهێنێت. پێماندەڵێت ئەو دەنگە کێیە؟ ئەرکی چییە؟ بۆ ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە هێندێ جار یەک ڕووداو لە گۆشەنیگای چەند کارەکتەرێکەوە دەگێڕدرێتەوە. ئەو کاتەی (مامەند بەردەشانی) چەقۆیەک لە سنگی (ئەسکەندەر) دەدات، هەردووکیان لە گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیانەوە دەیگێڕنەوە. یەکەمیان وەکوو تۆڵەکردنەوە کارەکەی کردووە، ئەوی دیکەیان بە شێوەیەکی دیکە لێکیدەداتەوە. بەمەش هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان لە پێوەندیان بە کاتی چیرۆک (ڕوودانی ڕووداوەکان) دانابڕێن. ئەوەی جێی سەرنجە، دوو جۆر وەگێڕ لەم ڕۆمانەدا هەن کە کەم بە یەکەوە هەڵدەکەن. یەکیان ئەو وەگێڕەیە لە دەرەوەی جیهانی گێڕانەوە دەوەستێ و بە جێناوی نادیار ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کەسێکە لە ساڵی 2050 دا دەژیت و ڕۆژێک دەبینێت لە ناوەندی شار کەسێک بە ئاگر سزا دەدەن. ئاگرەکەش بە کتێبەکانی ئەو کەسە دەکەنەوە کە خەریکە دەیسووتێنن. ئەویش کتێبێک بە دزییەوە دەبات، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو کەسە بۆ دەسووتێنن. دووەمیان ئەو وەگێڕانەن کە لە ناوەوەی ڕۆمانەکەدان و لە ساڵی 1994 تاکوو 2014 ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. بەمەش زۆربەیان بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕنەوە.

بۆ نموونە: ساسان، ئەسکەندەر، بەهار ئەیووب، سەحەر بۆکانی و...تاد.

لە ڕۆماندا هەر شتێک ڕووبدات، یان باس بکرێت، دەبێ زەمینەسازی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر وا هەست نەکات هەقایەت دەخوێنێتەوە، بەڵکوو جۆرێک لە قەناعەتی لە کن دروست ببێت. لە لاپەڕە (23)دا کاتێک (تەیمور) پەپوولەکە لەناو شووشەیەک بە (بەهار ئەیووب) دەدات، بۆ شەوەکەی دەچێتە کۆڵانی ماڵی بەهار، ئەوەی جێی تێبینییە، وەگێڕ (تەیمور) لە دەرەوە وەستاوە و سەیری ژوورەکە دەکات، بەڵام ئاگاداری هەموو جووڵەیەکی بەهارە لە ژوورەوە. لێرەدا مادام وەگێڕی هەمووشتزان نییە، بەڵکوو بە کەسی یەکەمی تاک دەپەیڤێ، چۆن زانی بەهار لە ژوورەوە چی دەکات و چۆن پەڕۆی سەر شووشەکە لادەبات؟ بە درێژایی ڕۆمانەکە بەهاریش بۆ تەیمور باسی ئەو شەوە ناکات. لەلایەکی دیکەوە تەیمور یەک پەپوولە بە بەهار دەدات، کەچی لە لاپەڕە (107)دا دەڵێت: "بەهار هەمیشە لە پەپوولەکانی دەڕوانی کە ئەفسووناوی لە دانەیەکەوە ببوون بە چوار". ڕاستە لێرەدا دەڵێت بە ئەفسووناوی، بەڵام چۆن؟ ئاخر ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی پاڵەوانبازی و ئەفسانەیی و سیحراوی نییە، بەڵکوو ئەوە ڕۆمانە، نەک دەقێکی ئەفسانەیی.

وەسف یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و هونەری بەکارنەهێنرێت، کاریگەریی ناهونەری لەسەر ڕۆمانەکە دروست دەکات. وەسف تەکنیکێکە دەتوانێت ڕەوتی گێڕانەوە خێرا، یان خاو بکاتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەم ڕۆمانەدا وەسفەکان زۆر دووپات دەبنەوە. ئەم پاتەبوونەوەیە وا دەکات ڕەوتی گێڕانەوە خاو ببێتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (21) دا وەسفی بەهار ئەیووب دەکات، لە لاپەڕە (35) هەمان وەسفی بەهار دەکرێتەوە. ئەم وەسفانە دەبنە زانیاریی دووپاتبووەوە، ئەم زانیاریانە خوێنەر بێزار دەکەن. بۆ نموونە لە لاپەڕە (27)دا ساسان دەڵێت: لەگەڵ مامم حاجی شەوکەتی عەتار کارم دەکرد..... گەرچی من زۆر حەزم لە کاری عەتاری نەبوو....تاد، هەمان زانیاری دوای چەند پەرەگرافێک دووپات دەبێتەوە. هاوکات کاتێک ساسان و سەحەر بۆکانی باسی زیندانی قەڵای ڕەش دەکەن، لە چەندین شوێن هەمان وەسف دووپات دەکەنەوە کە لە شێوەی دەمی گورگ دروست کراوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (51)دا کاتێک ئەسکەندەر باسی پیاسەکەی خۆی و ساسان لە باخی گشتی دەکات، دەڵێت: گوڵبەڕۆژەمان دەخوارد. ئەمە چەند جارێک پاتە دەکاتەوە. یان کاتێک مامەند بەردەشانی باسی ئەو شەوە دەکات کە بە منداڵی چەند پیاوێک هاتوون باوکیان کوشتووە و دایکیان بردووە. لە چوار لاپەڕەدا پێنج جار دەڵێت: باوکمیان کوشت و چوار جاریش دەڵێت: دایکمیان برد. دوو جارێش دەڵێت: دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوم هاتنە خوارەوە. ئەم پاتەکردنەوەی زانیاریانە بە تەکنیک هەژمار ناکرێن، چونکە پاتبوونەوەی زانیاری هەوڵێکە بۆ ئەوەی خوێنەر هەمیشە بەر شتێک بکەوێت، کە پێشتر خوێندوویەتیەوە. هاوکات پێدانی زانیاریی زیادە بە خوێنەر چێژی خوێندنەوە دەکوژێت.


یەکێکی دیکە لە لایەنە ناهونەرییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە هێندێ بەش و پەرەگرافی تێدایە بە بڕوای من زیادەن، یان جێی نووسرانیان ئەو شوێنە نییە. ڕاستە ئەم ڕۆمانە باسی پیسییەکانی مرۆڤ، ناشرینییەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەکات. ئەو پارەی لەلاپەڕە (76)دا باسی دروستبوونی گەردوون و مرۆڤ دەکات، بە بڕوای من هیچ پێوەندییەکی بە بونیادی ڕۆمانەکەوە نییە. ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکە لەڕێی کتێبێکەوە باسی ڕووداوەکانی ساڵانی 1994 بۆ 2014ی کوردستان دەکات. هاوکات لە لاپەڕە (96)دا باسی چۆنیەتی دروستکردنی ئادەم لە لایەن خوداوە و ناڕازیبوونی ئیبلیس (عەزازیل) دەکات. ئەمەیش هەر زیادەیە و خوێنەر ناتوانێ چۆن بە ڕووداوەکانی دیکەی کوردستان بۆ نموونە شەڕی براکوژی، برسێتی و گرانی...و تاد، بیبەستێتەوە. بابەتی خولقاندنی ئادەم و ناڕازیبوونی ئیبلیس ململانێی لایەنی باشە و خراپەیە، تەنانەت لە هێندێ شوێن ئەم دوو بەرەیە هاوهەڵوێست دەبن، بۆ نموونە ئەو کاتەی مامەند چەقۆ لە ئەسکەندەر دەدات، بەڵام هیچ ڕایەڵەیەک نییە ئەم دوو شتە بە یەکەوە ببەستێتەوە.

لە لاپەڕە (130)دا کاتێک تەیمور باسی ئەو کاتانە دەکات کە بە دزییەوە لە باخی گشتی تەماشای بەهار دەکات، هاوکات باسی ئەو کاتانە دەکات کە دەیەوێ سەفەر بۆ چیچان بکات. واتە هێشتا نەڕۆیشتووە، بەڵام لە ناکاو دەڵێت: من وا ڕۆژێک دەبێت گەیشتوومەتە چیچان، لێرە شەڕ بەرپا بووە...تاد. شوێنی ئەو چەند دێرە لەو شوێنەدا زۆر ناقۆڵایە. خوێنەر ناتوانێ ئەم چەند دێرە بە پێش و پاش خۆیەوە ببەستێتەوە، چونکە کارەکتەر باسی چۆنیەتی خۆئامادەکردن و ڕۆیشتن بۆ چیچان دەکات، واتە هێشتا نەگەیشتووە، بە بڕوای من شوێنی ئەم چەند دێرە دەکرێ لاپەڕە (135) بێت.

پنتێکی دیکەی گەوهەری لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، هەڵەی ڕێنووس و تایپ گەلێ زۆرە، خۆزگە ڕۆماننووس، یان کەسێک بە وردی پێداچوونەوەی پێدا کردبا بۆ ئەوەی ئەم هەڵە ڕێنووسی و تایپیانە چاک کرابانەوە. بۆ نموونە: لە جیاتی گەڕیدەیەکی نووسراوە (گەڕیدەیەکەی)، لە جیاتی درێژ بکەمەوە نووسراوە (درێژ بکەمەو)، لە جیاتی نەخشونیگارانە نووسراوە (نەخشونیگارەنە)، لە جیاتی مزگەوت نووسراوە (مزگەوەت) و.. تاد.

## پرسیاری کوشندە

# چاوخشاندنێک بە ڕۆمانی (حەسار و سەگەكانی باوكم)ی شێرزاد حەسەندا




مەهدی وەحید دەستجردی
وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی

ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) بەرهەمی نووسەری ناوداری کورد شێرزاد حەسەنە و لەلایەن مەریوان هەڵەبجەیی وەرگێڕدراوە بۆ فارسی و پاش چواردە ساڵ لە قەدەغەکردنی، جارێکی تر مۆڵەتی وەرگرت و بڵاوبووەوە. ئەم ڕۆمانە یەکەمجارلە ساڵی 1998 وەرگێڕدراوە بۆ فارسی و شەش ساڵ مۆڵەتی چاپی نەدراوەتێ. یەکەمجار لە ساڵی 2004 و بە سانسۆرەوە و لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی چەشمەوە بڵاوکراوەتەوە. پاش کەمتر لە ساڵێک چەند جارێک چاپ دەکرێتەوە و دواتر قەدەغە دەکرێ. حەسار و سەگەکانی باوکم یەکەم ڕۆمانی شێرزاد حەسەنە و بە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە قەبارە بچووکە بزاوتێکی گەورەی لە بواری نووسینی ڕۆمانی کوردیدا دروستکردووە، وەک وەرگێڕەکەی لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: "ئەم ڕۆمانە لە دیدی زۆربەی ڕەخنەگرانەوە بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا".

ئەم کتێبە 114 لاپەڕەییە دابەش دەکرێت بەسەر دوو بەشدا و دەبێتە دوو دەق لە کتێبێکدا. لە سەرەتای کتێبەکەدا وەرگێڕ وتارێکی شێرزاد حەسەن کە لە کۆنگرەی نووسەرانی جیهان و لە ساڵی 1997 لە شاری موکولای فینلاند پێشکەشی کردووە، چاپ کردووە. ئەو وتارە بەهیچ شێوەیەک جیا نییە لە ڕۆمانەکە و دەکرێت بڵێین کاریگەری دادەنێت لەسەر خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بۆ هەرخوێنەرێک. ئەم وتارە لە ژێر ناونیشانی "وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن" بووەتە پێشەکی و دەروازەیەکی زۆر گرنگ بۆ کتێبەکە و پرسی "زمان و کەسێتی نووسەر" دەخاتە بەر باس. لە جێگایەکی وتارەکەدا شێرزاد حەسەن دەڵێت نووسەر جیا نییە لە کەسێتییەکانی ناو بەرهەمەکانی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوانیاندا. ئەو کەسێتییانەی کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی هەر نەتەوەیەک دروست دەبن. لێرەدایە کە نووسەر ئاماژە دەکات بە کەموکوڕییە مێژووییەکانی نەتەوەکەی خۆی و بەرهەمەکەی بە نمایشێکی تەواو عەیاری ئەو دۆخ و ڕووداوانە دەزانێت کە چەندین ساڵە خەڵکەکەی بەسەریاندا هاتووە. ئەم هاوشێوەیی و نزیکییەی نێوان وتار و ڕۆمانەکە دەکرێت وەک شاکەلەی گێڕانەوەش ناوببەین. لەوێوە کە گێڕانەوە بە ئوستوورەی باوک کوشتن دەستپێدەکات. باوکێکی دیکتاتۆر و جیهانێکی داخراو کە تێیدا یەک بە یەکی تاکەکانی خێزانی ناو حەسار لەژێر گوشاردان. گوشارێک کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کوشتنی باوک. کەشێک کە کەس مافی قسەکردنی نییە تێیدا، نەک تەنیا قسەکردن، بەڵکو بیرکردنەوەش. هەموو بەرپرسیارێتییەکان لە ئەستۆی باوکدایە. ئەوە باوکە لە حەساردا لەبری هەمووان بیر دەکاتەوە و دەدوێت و ڕەفتار و کردار نیشان دەدات، هەموو بڕیارەکان پێشوەخت دراون. ئەمە ڕێک ئەو ژینگە وێناکراوە ڕۆژهەڵاتیەیە کە شێرزاد حەسەن لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: "لەو کولتوورەی من تێیدا دەژیم، هەمیشە بۆ هەر پرسیارێک وەڵامی ئامادە هەیە و گەر سەد ساڵیش تێپەڕێت، نە پرسیارێکی تازە لە ئارادایە و نە وەڵامێکی نوێ بۆ پرسیارە کۆنەکان". شێرزاد حەسەن دەپرسێت: "ئایا نازانیت وڵاتەکەم و خەڵکەکەی قوربانیی ترس و شەرمن؟". گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەش (بکوژی باوک) لە ڕۆمانەکەدا وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: "ئێمە فێربووبووین و ڕاهاتبووین بەیانی و ئێوارە بە ویزەی قامچی و دەنگی گۆچان و حەیزەران و بریسکەی خەنجەر و تف و نەفرەت و جنێو... دەستپێبکەین و کۆتایی پێ بهێنین". نووسەر پرسی کولتووری خۆی بە کێشەیەکی دەستەجەمعی دەزانێت، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنە داخراودا هیچ شوێن و دەرفەتێک بۆ قسەکردن لە تاک و ئارەزووەکانی نامێنێتەوە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم کەشەیە کە نووسەر ناچار بووە بە کارکردن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئارەزووە تاکگەراییەکانی خودی تاک دووربکەوێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گۆشەنیگایە کە حەسارەکەی باوک لەناو ڕۆمانەکەدا شێوازی دەستەجەمعی لەخۆگرتووە و وێنەیەکی کۆمەڵگەیەکی بچووک وێنا دەکات تا ئەو جێگایەی کە باوک دەڵێت: "من حەزدەکەم ئەم حەسارە درەنگ یا زوو ببێتە شارێکی گەورە". لەلایەکی تریشەوە لە ژینگە و کۆمەڵگەیەکی وەها داخراودا کە هەمیشە لەبەردەم چەندین جۆر لە سەرکوت و چەپاندندا بوون، لە دەرەوەی ئەو فاکتەرانە بووە کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری. لەبەرئەوەی هێزی دەسەڵاتدار هیچ دەرفەتێکی بیرکردنەوە و چاکسازی لە پەیوەندی لەگەڵ بوارە گشتییەکاندا نەهێشتووەتەوە و ڕێگرە لەبەردەم زیندووبوونی کۆمەڵگەدا. کەواتە تەنیا بە گوشاری دەرەکییە کە ئەو گۆڕانکارییانە ڕوودەدەن. لە ڕۆمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم" دا تا پێش هاتن و دەرکەوتنی "ڕابی" _ هاوسەری نوێی باوک _ هیچ ڕووداوێکی نوێ لە حەساردا ڕوونادات، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتن و هاتنی ئەم بێگانەیەدایە کە هێدی هێدی ورتە ورتەکان زیاتر دەبن و دەوروبەر و بەتایبەت خودی "ڕابی " هەوڵدەدات برای گەورەی ناو حەسار هان بدات و بیجووڵێنێ تا کارێک بکات. لەڕاستیدا کرداری سەرەکی تاوان یان یاخیبوون لەم ڕۆمانەدا و لەم حەسارەدا هێزێکی دەرەکی ئەنجامی دەدا. ڕابی هاتووە تا هەموو بونیادە کۆنەکان بگۆڕێت بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە دوای ئەوە چی ڕوودەدات. قۆناغێک کە بەهۆی نەبوونی بونیادی هزری ئازادەوە کۆمەڵگە ناتوانێت بە ئازادی بگات و لەوەش زیاتر لەناودەچێت. لە ڕاستیدا حەسار و ئەو خەڵکەی کە ڕاهاتوون بە دیکتاتۆری، دوای مردنی باوکیش بە ئازادی ناگەن و تیادەچن، هەر بەو شێوەیەی کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە دەڵێت: " ئێمەش لەناوچووین". بەڵام پرسیاری دەستپێک و سەرەکی و بونیادی گۆڕانکارییە، شێرزاد حەسەن بڕوای وایە "ڕەنگە پرسیارکردن شۆکی سەرەتای دەستپێکردن بێت. بەڵام ئیتر ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا کە نەزانی ڕەهایە". ناکرێت بگەڕێیتەوە دواوە، کاتێک پرسیار دەبێتە هۆی کوشتنی باوکی حەسار بەدەستی کوڕە گەورەکەی، حەسارییەکان دەڵێن "ئەمشەو... دوایین شەوی دیلی و ئەسیری و ... یەکەم شەوی ڕزگاری و سەرفرازیمانە". بەڵام سێبەری شوومی نەریت واز لە خەڵک ناهێنێت و هەمان ئەو دایک و زڕدایک و خوشک و برایانەی تا شەوی پێشوو چاوەڕوانی ئەوەیان لە فەرزەند و براکەیان دەکرد بەکوشتنی باوکیان ڕزگاریان بکات، ئێستا بە کۆتاییهاتنی کارەکە هێدی هێدی بکوژ بە "کەسێکی نەفرەتی" دەزانن. ناتوانن بەرگەی ئازادی بگرن و پاش ماوەیەکی کەم لە ئازادبوونیان، لەبەر ڕاهاتنیان بە سەرکوت و دیکتاتۆری، لەگەڵ ڕابردوویاندا دەژین و خێرا بیری ئەو باوکە دەکەن و پرسەی بۆ دەگێڕن و گۆمەز لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکەن و دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان حەساری وێرانبوو، گێڕەرەوە لەسەر تەرمی باوکی و لەگەڵ سەگە بەوەفاکانیدا بە تەنیا بەجێدەهێڵن. وەک بڵێی ئەم نەریت و خوێن و دیکتاتۆریانەش هەروەک ڕەفتاری باوکی تا ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکانی لەسەر حەسار و کۆمەڵگەکەی بەجێدەهێڵێت تا ئەو جێگایەی کە گێڕەرەوە دەگاتە تاوی و دەڵێت: " تف لە ڕابردوو.. وای لە ئاینده".

# گرنگیی ڕۆمان لە سەردەمی زبری و قیندا



**"ئەلیف شەفەق" نووسەرێکی تورکە کە بە دوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێت و یەکێکە لەو نووسەرە بەناوبانگانەی تورکیە کە ئێستا زۆرترین خوێنەری لە تورکیادا هەیە. ڕۆمانی "دەوڵەتی ئەڤین" کە یەکێ لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ئەوە، زیاتر لە 750 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە و بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە. ئەوەی دەیخوێننەوە دەقێکی بیۆگرافییانەی ئەوە کە تێیدا بە وردی باسی ڕۆمان و گرنگیی گێڕانەوە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکات.**

بەشی یەکەم


◄ ئەلیف شەفەق

وەرگێڕانی: شەوبۆ محەممەدیانی


من تاقانە منداڵی دایکم بووم. دایکم کە ژنێکی تەڵاقدراو بوو، پشتی بە پیشەی خۆی گەرم و لە باری ماڵییەوە لەسەر پێی خۆی وەستابوو. ژنێکی خوێندەواری سێکولار کە لایەنگری بیر و هزری ڕۆژاوایی دەکرد. لەگەڵ دایە گەورەم کە ژنێکی ڕۆژهەڵاتیی سۆفی ڕەوشتی نەخوێندەوار بوو، پێکەوە منیان گەورە کرد. لە فەڕانسە هاتمە دنیا و کاتێکیش کە دایک و باوکم لێکجیابوونەوە، لەگەڵ دایکم گەڕاینەوە تورکیا. ئەگەرچی کاتێک "ستراسبورگ"ـم بەجێدەهێشت، زۆر منداڵ بووم، بەڵام زۆرجار بیر لە شوقە بچووکەکەمان دەکەمەوە و وا دێتەوە بیرم تاقمێک قوتابیی زانکۆ کە ئیتالی و فەڕانسی و جەزائیری و تورک و لوبنانی بوون و سەر بە بیری چەپ بوون، لەوێ بەوپەڕی حەز و تاسەوە، باسی بیروڕاکانی "لویی ئاڵتوسێر" فەیلەسووفی مارکسیستییان دەکرد و شیعرەکانی "ڤلادیمیر مایکۆڤسکی"ـیان دەخوێندەوە و هەموویان خەونی شۆڕشیان لە مێشکدا بوو. دوایی لەوێوە فڕێدرامە کۆڵانی ماڵی دایە گەورەم لە ئەنقەرە کە شارێکی یەکجار تووش و گرفتار بە باوکسالاری و خۆپارێزیی دۆگمی ئیسلامییانە بوو.

لەو کاتەدا، لە کۆتاییەکانی دەیەی 1970، تورکیا بەوپەڕی ڤێزەونییەوە تووشی ڕق و قینێکی لەڕادەبەدەر بوو: هەر ڕۆژەی بۆمبێک لە شوێنێک دەتەقییەوە؛ خەڵکی لە شەقامەکاندا دەکوژران و لە حەوشەی زانکۆکاندا، گوللەباران دەکران. بەڵام لە ماڵی نەنکم، تەنیا خەون و خەیاڵ و فاڵی قاوە و بەردی چاوەزار و کولتووری سینەبەسینە و دەستاودەستی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبینرا. من لە ڕۆمانەکانمدا هەمیشە حەزم لەم دوو بوارە بووە: یەکەم جیهانی چیرۆکە کۆنەکان و گێڕانەوەی ئەفسوون و سۆفیگەرێتیی نێوماڵ و دووهەمیش جیهانی سیاسەت و بەرباسدانەوەی تەنگوچەڵەمە و نادادپەروەری و دووبەرەکیی دەرماڵ.

هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوە بووم و بە تینێکی بێبڕانەوەوە کتێبم دەخوێندەوە. بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو تا فێری نووسین بووم. بەوەدا کە چەپنووس بووم، وەک زۆر لە منداڵە چەپنووسەکانی قوتابخانە ناچار دەکرام بە دەستی ڕاست بنووسم. جارێک مامۆستاکەم پێیگوتم: "ئەگەر ناتوانی دەستی چەپت کۆنترۆڵ بکەی، بیبە ژێر مێزەکە و هەر لەوێ بیهێڵەوە. ئەرێ بۆ ئەوێ شاربەدەری بکە".

ئەوە یەکەمجار بوو وشەی "شاربەدەر"م بیست و هەتا ئێستاش لەمێشکم نەسڕدراوەتەوە.

هەر بەو دەسخەتە تێکەڵوپێکەڵە دەستم کرد بە نووسینی چیرۆک. هەڵبەت نەک بەو مەبەستەی کە ڕۆژێک ببمە ڕۆماننووس، چونکە بیریشم لێ نەدەکردەوە کە شتێکی وا ڕووبدات. لە دەوروبەری شوێنی ژیانمدا، نە نووسەرێک هەبوو نە لایەنگرێکی ئەدەب کە چاویان لێبکەم و فێربم. زۆرجار هەستم دەکرد تەنانەت لە نیشتمانی دایکیم "نامۆیەکی ناسراو"م. لە نێوان شارەکان و کولتوورەکانیاندا سەرگەردان مابوومەوە و پێویستییەکی زۆرم بە "جێگەیەکی دیکە" هەبوو. کتێبەکان بوونە دۆستم و وڵاتی نێو ڕۆمانەکان بوونە نیشتمانم.

کاتێک سەیری ڕابردوو دەکەم، زۆر کاتوساتی جۆراوجۆر دەبینم کە لەسەر ژیانم ـچ وەک خوێنەر و چ وەک نووسەرـ کاریگەرییان هەبووە. بۆ نموونە: ڕۆژێکی شەممە لە قوتابخانە، دەستم کرد بە خوێندنەوەی داستانی "پردێک لەسەر چەمی درینا" لە نووسینی "ئیڤۆ ئاندریچ"، نووسەری یوگوسلاڤی. کاتێک لە خوێندنەوەی ئەو داستانە بوومەوە، شتێک لە دەروونمدا بۆ تاهەتایە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو. تا ئەو کاتە لە قوتابخانە، تەنیا فێری شێوازێکی فەرمیی مێژووی عوسمانی ببووم. مێژوویەکی بێبنەما کە هیچ مرۆڤێکی تێدا بەدی نەدەکرا و ئەو چەند پلە و نازناوەش کە تێیدا دەبینران، تەنیا هی سوڵتان و وەزیری مەزن و شێخولئیسلامەکان بوون، بێ ئەوەی هیچ باسێکی ژنانی تێدا بێ. بە منیان گوتبوو ئەو گیانفیدایانەی کە سوپای عوسمانییان پێکدەهێنا، جەماوەری سەربازە باش و ئیمانداره ئازاکانی ئەو سەردەمە بوون؛ کەچی لە داستانی "پردێک لەسەر چەمی درینا"دا، بەسەرهاتی ئەو بنەماڵە مەسیحییانەم خوێندەوە کە حکوومەتی عوسمانی بە زۆر کوڕەکانیانی دەگرت و دەیکردن بە موسوڵمان و هەموویانی خستبووە جەرگەی گیانبەخشەکانی خۆیەوە. ئەگەرچی خوێندنی باڵاشی بۆ ئەو کوڕانە ڕێکخستووە و مووچەیەکی باشیشی بۆ بڕیونەتەوە کە بتوانن پلەوپایەی باش بەدەستبهێنن بە مەرجێ کە شیاوی بووبن، توانیویانە تا پلەی وەزیریش بچن، بەڵام هەموو ئەوانە لە بەهای ئەوەدا بووە کە هەرگیز بنەماڵەکانیان نەبیننەوە و دین و ئیمانی خۆیان بدۆڕێنن و شوناسی خۆیان بە یەکجارەکی فەرامۆش بکەن. ڕاستییەکانی ژیانی "گیانفیدا"کان، گەلێک تەماویتر لەو بابەتانە بوو کە لە کتێبی مێژووی قوتابخانەکاندا نووسرابوون.

کتوپڕ تێگەیشتم کە دەبێ سەبارەت بەو باسانەی پێموابوو دەیانزانم، پێداچوونەوەیەک بکەم. ناچار بووم هەموو ئەو زانیارییانەی کە هەمبوون، فڕێیاندەم. ئەوەی ڕۆمانەکەی "ئاندریچ" لەو تافی لاوێتییەمدا فێری منی کرد، بنەما و ستوونی ساڵانی فێرکارییە ناسیۆنالیستییەکانی منی لەرزاند و بە گوێمیدا چرپاند: "ئایا تا ئێستا داستانەکەت لە گۆشەنیگای کەسانی دیکەوە بینیوە؟" هەر ئەمە خۆی پرسیارێکە کە دەبێ ڕۆژی سەد جار لە خۆمانی بکەین. گرینگ نییە لە چ وڵاتێکدا دەژین و لەگەڵ چ داستانگەلێک گەورە بووین.

بۆیە بەڕای من، ئەرکی نووسەر ئەوە نییە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. تەنانەت ئەوەش نییە کە بە نووسین بیەوێ ئامۆژگاریی خەڵکی بکات. ڕێک بە پێچەوانەوە: نووسەر دەبێ قوتابیی زانکۆی ژیان بێت؛ ئەویش نەک باشترین قوتابی، چونکە ئێمە هەرگیز لەم قوتابخانەیە کۆتایی بە خوێندنمان نایەت و بەردەوام خەریکی سازکردنی ساویلکەترین و بنەڕەتیترین و ئەستەمترین پرسیارەکان دەبین و لە کۆتاییدا ئەو پرسیارانەی خۆمانن کە دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرانمان.

ڕۆمان گرینگە، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەرگیز نەماننناسیون، لەگەڵ ئەو زەمەنانەی کە هەرگیز ئەزموونمان نەکردوون و لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە هەرگیز نەمانبینیون، ئاشنا دەکات. ڕۆمان گرینگە و ئەوەش تەنیا لەبەر ئەو بەسەرهاتانە نییە کە گیان بە بەریاندا دەکات، بەڵکوو لەبەر ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی ئەو بەسەرهاتانە گرینگە کە دەربارەیان بێدەنگن. ئێمەی ڕۆماننووس، بەردەوام گوێڕایەڵی نەوای زمان و دەکارکردنەوەی ئەو وشە و حەقایەتانەین کە لە هەوادا شەپۆلان دەدەن. بەڵام دەبێ بە سەرنجیشەوە گوێ لە بێدەنگی بگرین. لە بێدەنگیدایە کە شتانێک دەدۆزینەوە، لە کۆمەڵگەدا بە ئاسانی دەربارەیان قسە ناکرێ. شتانێکی وەک ئەو تابۆ سیاسی و کولتووری و جنسییانە.

لە چین و ڕووسیا، ئەمریکای باشوور، ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقا، ستایلێکی جیاواز بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و دابونەریتێکی فرەڕەهەند بۆ نووسینی ڕۆمان هەیە. لەم بوارەدا لە نێو کیشوەرێک یاخود وڵاتێکدا، جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە، چ بگا بە نێو ئەستێرەیەک. هەر بەم هۆیە، هەرکاتێک دەبیسم کەسێک سەبارەت بە ڕۆمانێک دەڵێ: "ڕۆمان دەبێ ڕێک ئاوا بێت"، لە خۆمدا دەلەرزم. بۆچی دەبێ هەوڵ بدەین ئەم فرەلایەنییە سەرسوڕهێنەرەی لە نۆرم و نەوا جیهانییەکاندا بۆ گێڕانەوە بەدی دەکرێ، تا ئاستی تاقەڕەوشتێکی دیاریکراو دابەزێنین؟

لە مێژووی تورکیادا، ڕۆمان وەک ژانرێکی جیاواز، پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە. چونکە وەک لاوترین ژانری ئەدەبی هەژمار دەکرێت و لە هەمان سەرەتاوە، وەک هۆکارێک بۆ نوێخوازی و ڕۆژاواییبوون، سەیری کراوە. ڕۆمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لە ئەورووپاوە گەیشتووەتە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و یەکەمین ڕۆماننووسەکانیش کە زۆرینەیان پیاو بوون، بە جۆرێک هەستی پێغەمبەرانەوە دەیاننووسی. ئەوان کە پێیاندەگوترا "باوکە ڕۆماننووسەکان"، خۆیان لە دەقەکانیان و کەسایەتیی ڕۆمانەکانیان پێ بەرزتر و تەنانەت خۆیان لە خوێنەرانیش لا گەورەتر بوو. ئەوان خوێنەرەکانیان، بە منداڵی خۆیان دەزانی و پێیانوابوو پێویستیان بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییە. هەر کەسایەتییەک بەو نییەتە دەهاتە ڕۆمانەکانیانەوە کە شتێکی لەخۆی گەورەتر نیشانی خوێنەر بدات. بۆیە لە زۆرینەی ڕۆمانە تورکییەکاندا، گرینگییەکی ئەوتۆ بە زمان نەدراوە. یاخود باشتر وایە بڵێم: بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بتوانن باشتر لە پەیامی ڕۆمانەکانیان بگەن، بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراون.

من وەکوو خۆم هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە کە لەو شێوازەی "باوکانی ڕۆماننووس" نزیکم. گەرچی ئەم شێوازە، هێشتا لە زۆر شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەروا باوە، بەڵام گەلێک شێوازی جیاوازی دیکەش هەبوون، لەوانە شێوازی جیاوازی "ژنانی عاسی" واتە ژنانی نووسەری ڕۆژهەڵاتی ناوین کە هەرگیز پێملی شێوازی داسەپاو نەبوون.

ڕۆمان گرینگە چونکە ڕۆماننووس وەکوو کیمیاگەرێک، "هاودڵی" دەکاتە "بەرخۆدان"، "پەراوێز" دەگوازێتەوە بۆ "ناوەند"، "بێدەنگ" دەهێنێتە "دەنگ" و "نادیار"، "ئاشکرا" دەکات. وەک فەیلەسووفی جووی ئاڵمانی، "واڵتەر بنیامین" دەڵێ: ڕۆمان "شالاوی دەنگوباس" دەکاتە "بارانی زانایی". بنیامین کە لە کاتی سەرهەڵدانی نازیزم و ئایدیۆلۆجیای قین و ئاڵوگۆڕی جیهاندا دەینووسی، زۆرجار لە نێوان "دەیتا" و "زانست"دا، جیاوازییەکی ئەوتۆی دەستنیشان دەکرد. ئەو پێیوابوو کە نووسەر لە ناخی گۆشەنشینییەکانی خۆیەوە، ئەزموونی خۆی و دیتران، هاوبەش دەکات و بەو شێوەیە، ڕووناکی دەپژێنێ بە "سەرلێشێواوی ژیان"دا. بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان، زیاتر لەو بیروڕایەی بنیامین نزیکە و وێک یەک دێنەوە. ئەو دەیگوت "دەیتا"کان هەرچەندە زیاتر بەدەستەوە بن و زووتر بڵاوببنەوە، بەو ڕادەیەش "سەرلێشێواوی ژیان" زۆرتر دەبێت. دڵەڕاوکێی بنیامین بریتی بوو لە بڵاوبوونەوەی دەیتا و دەنگوباس لە ڕێگەی لاوازکردنی زانستەوە و بۆشایی بەربڵاوی نێوان ئەم دوو چەمکە. ئەو لەوە نیگەران بوو کە سەرئەنجام ئەم شێوازە، ببێتە هۆی ڕووخان و مەرگی هونەری چیرۆکنووسی. تی. ئێس.ئێلیوت لە ساڵی 1934 دا بەمشێوەیە ڕوانگەی بنیامینی بۆ گواستینەوە: «ئەو فرەزانییەی کە لە زانستدا لێمان ون بووە، کوا؟ ئەو زانستەی کەوا لە دەیتاکاندا دۆڕاندوومانە، چی بەسەر هات؟». "سوزان سانتاگ"ـیش کە شەیدای بیروڕای بنیامین بوو، دەیگوت: «من پێموایە ئەدەبیاتیش، جۆرێک زانستە. هەڵبەت لە باشترین شێوازی خۆیدا، وەکوو هەموو زانستەکانی دیکە، نیوە تەواوە».

سەرچاوە: https://www.newstatesman.com/us

ئەم بابەتەی ئەلیف لەژێرناوی Why the novel matters in the age of anger بڵاوبووەتەوە.